# Cross-border financing lease contracts and Compliance with national law and international subject matter rules in accordance with the 1988 Unidroit Convention

Abdullah Fazil Hamid[1], Helen Kamal Ali[2]
[1]faculty Of Law And Political Science -Duhok University, [2]Soran First Instance Court

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2574.10*

*Published: 15/1/2025*

***Abstract***

*In today's global landscape, a financing lease is one of the most important contracts and considered an effective means by which the lessee obtains the transferred property or real estate without having to buy it. This will be the result of a contract between the lessor and the importer according to the desire and requests of the lessee. Because of its prevalence and importance, especially in western countries, the International Institute for the Unification issued the UNIDROIT Convention on Financing Leases. In this study, the researcher relied on analytical and comparative methods in order to analyze and present the differences between the laws. This paper consists of an introduction and three chapters. The first chapter explains the purpose of a cross-border financing lease. The second chapter is the subjection of financing leases to national laws in accordance with traditional conflict rules. The third chapter is devoted to the compliance of this contract with international objective rules. The results of this study indicate that despite the significance of this contract, Iraq has not issued any laws to regulate it and the UNIDROIT agreement has narrowed the scope of its implementation. Finally, the researcher presented several recommendations based on the results obtained.*

***Keywords**: Financing lease agreement, UNIDROIT Convention, International Subject Regulations, lessee, lessor.*

# گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردنی سنووربڕ و ملکەچبوونی بۆ یاسا نیشتیمانی و ڕێسا بابەتییە نێودەوڵەتیەکان بەگوێرەی ڕێککەوتننامەی یونیدروا ١٩٨٨

پ. ی. د. عبدالله فاضل احمد
زانکۆی دهۆک
abdmirany77@gmail.com

هێلین کمال علی
قوتابیی ماستەر – زانکۆی سۆران
Helinkamal20@gmail.com

پوختە
لەم سەردەمەدا گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردن یەکێکە لە گرێبەستە گرنگەکان و بە ئامرازێکی کاریگەر دادەنرێت، بە هۆیەوە بەکرێگر سامانە گوێزراوەکە یان عەقارەکە بەدەستدەهێنێت بۆ ئەوەی پێویستبکات بیکرێت، ئەمەش لە ئەنجامی گرێبەستێک دەبێت لە نێوان بەکرێدەر و دابینکار بە ویست و داواکاریی بەکرێگر، سامانەکە دیاریدەکرێت. لە ئەنجامی بەربڵاوی و گرنگیی ئەو گرێبەستە بە تایبەت لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، پەیمانگای نێودەوڵەتی بۆ یەکخستنی یاسای تایبەت ڕێککەوتننامەی یونیدروای تایبەت بە بەکریدانی پارەدارکردن لە ساڵی ١٩٨٨ دەرکرد. کێشەی لێکۆڵینەوەکە خۆی لە نەبوونی یاسایەکی تایبەت بۆ ئەم گرێبەستە لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەبینێتەوە. توێژەر لەم توێژینەوەیەدا پشتی بە میتۆدی شیکاری و بەراوردکاری بەستووە بە ئامانجی شیکردنەوە و دەرخستنی جیاوازیی نێوان یاساکان، ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە دەریدەخات کە سەرەڕای گرنگیی ئەم گرێبەستە، عێراق هیچ یاسایەکی بۆ ڕێکخستنی دەرنەکردووە و ڕیککەوتننامەی یونیدرواش چوارچێوەی پیادەکردنی تەسککردۆتەوە، لە کۆتاییدا توێژەر بە پشتبەستن بەو ئەنجامانەی پێی گەشتووە چەند ڕاسپاردە و پێشنیازێکی خستۆتەڕوو.

**وشە کلیلەکان:** گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردن، ڕێککەوتننامەی یونیدروا، بەکرێگر، دابینکار، ڕێسای بابەتی نێودەوڵەتی.

## پێشەکی

بەکرێدانی پارەدارکردن بە سەرچاوەیەکی پارەدارکردنی نوێ بۆ پرۆژە بازرگانیەکان هەژماردەکرێت، بە تایبەت لە سەردەمی ئەمڕۆماندا کە پرۆژەکان پێویستیان بە ئامێری گەورە و گرانبەها دەبێت و دەزگاکان توانای کڕینی ئەم ئامێرانەیان نییە بە هۆی ئەوەی خەرجیی زۆری پێویستە، لە ئەنجامدا پەنادەبرێتە بەر بەکرێگرتنی پارەدارکردن.

لە بەر گرنگیی ئەم گرێبەستە پیویستبوو ڕێکخستنەکەی دوور بێت لە یاسا نیشتیمانیەکان، کە بە ڕێگای ڕێسای دانەپال دەستنیشاندەکرێن، ڕێککەوتننامەی یویندراو لە ساڵی ١٩٨٨ واژۆکرا، بەڵام ئەندامبوونی بەشێکی کەمی وڵاتان لەم ڕێککەوتننامەیە کە تەنیا (٢٠) وڵات ئەندامن – (UNIDROIT CONVENTION ON INTERNATIONAL FINANCIAL LEASING (OTTAWA): 1988)، مەودای پیادەکردنی تەسککردۆتەوە. جیاوازیی یاسای وڵاتان لە بارەی گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردن و ئازادیی ویستی لایەنەکانی گرێبەستی نێودەوڵەتی لە دیاریکردنی یاسای پێویست بۆ پیادەکردن یەکێکە لە گرفتەکان، کە دێتە بەردەم دادوەر. لە ئەنجامدا هەندێک بەدەر هەن کە ویستی لایەنەکانی گرێبەست سنووردراردەکات.

## کێشەی توێژینەوە

بە گوێرەی ئەو بەدواداچوون و گەڕانەی توێژەر کردوویەتی لەم توێژینەوەیەدا دەتوانین کێشەکان بەوە دیاریبکەین کە نەبوونی دەق و یاسایەکی تایبەت بەم گرێبستە گرنگە لە عێراق یەکێک بوو لە کێشەکان، دەربارەی یاسای وڵاتانیش، کە یاساکانیان جێگای بەراوەردکاریە، لەم توێژینەوەیەدا، جیاوازی لە چۆنیەتیی ڕێکخستن هەیە لەبەر ئەوە دیارکردنی یاسای پێویست بۆ جێبەجێکرن گرنگیی زۆری هەیە. هەروەها لەم یاسایانەی کە تایبەتن بە ڕێکخستنی گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردن، جیاوازی کراوە لە دیاریکردنی شوێنی گرێبەست، بەشێک لە یاسای وڵاتان عەقار و سامانی گوێزەرەوەیان دیاریکردووە، بەشێکی دیکە لە یاساکان لەوانە ڕیککەوتننامەی یونیدرواش هەمان هەڵوێستی هەیە بەوەی شوێنی گرێبەست تەنها لەسەر سامانی گوێزەروە دەبێت و عەقار بەدەرکراوە. یاسا نیشتمانیەکانیش تا ڕادەیەکی زۆر نەگونجاون لەگەڵ پەیوەندیە بازرگانیە نێودەوڵەتیەکان و سەرجەم پێشبینی و چارەسەریەکان لەخۆناگرن. لە عێراق و هەرێمی کوردسان نەبوونی هیچ دەقێکی یاسایی و یاسایەکی تایبەت بەم چالاکیە تێبینیدەکرێت،

ئەمەش بە کەموکوڕی لە یاسای عێراقی هەژماردەکرێت. جێگای ڕەخنەیە یاسادانەر تاوەکو ئێستا گرنگیی ئەم جۆرە گربەستەیان پشتگوێخستوە بە تایبەت بەشێکی زۆری وڵاتانی عەرەبی خاوەنی یاسایەکی تابیەتن بە ڕیکخستنی ئەم چالاکییە لەوانەش وڵاتانی (ئوردن، لوبنان، مسر وڵاتی ئیماراتی یەکگرتوو).

ئامانج لەم توێژینەوەیە

ئامانج لەم توێژینەوەیە، دەرخستنی گرنگی و کاریگەریی گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردن لەم سەردەمەدا و پێویستیی وڵاتان بۆ ئەم جۆرە لە گرێبەست و ڕیکخستنی بە یاسا دەردەخات.
ئامانجێکی تری ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە بەدیارخستنی کاریگەریی ویستی لایەنەکان لە دیاریکردنی یاسای پێویست بۆ پیادەکردن لە گرێبەستە نێودەوڵەتیەکان و ڕۆڵ و کاریگەریی ڕێسا بابەتیەکان لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی دێنە پێش بە هۆی ناکۆکیی نێوان یاساکان و دەرخستنی ڕۆڵی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکان لەو بارەیەوە کە بە شێکە لە ڕێسا بابەتیەکان.

پرسیارەکانی توێژینەوە

بۆ چارەسەرکردنی کێشەی توێژینەوەکەمان، هەوڵدەدەین بە گەوێرەی ئەو بەدواداچوون و خوێندنەوەیەی بۆ ئەم گرێبەستە کردوومانە، وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەینەوە:

١. هەڵوێستی ڕێککەوتننامەی یونیدروا و یاسای بەکرێدانی پارەدارکردنی وڵاتان چییە لە بارەی ماڵە بەکرێدراوەکە، تا چەند ماف بە بەکرێگر دەدرێت بۆ کڕینەوەی سامانە بەکرێدراوەکە؟
٢. هەڵوێستی ڕێککەوتننامەی یونیدروا و یاسای وڵاتان چییە لە بارەی ئازادیی لایەنەکانی گرێبەست لە دیاریکردنی یاسای پێویست بۆ پیادەکردن، و یاسای وڵاتان تا چ ڕادەیەک گرنگی بە بنەمای دەسەڵاتی ویستی گرێبەستکارەکان (ارادة المتعاقدين) دەدەن؟
٣. بۆ پیادەکردنی ڕێککەوتننامەی یونیدروا، ئایا مەودایەک دیاریکراو کە وەکو پێوەرێک بۆ پیادەکردنی هەژماردەکرێت، ئایا ئەم ڕێککەوتننامەیە سەرکەوتووبووە لە دانانی ئەم مەودایە؟

گرنگیی توێژینەوە

گرنگیی ئەم توێژینەوە لەوەدایە. باسی گرێبەستێک دەکەین کە لەم سەردەمەدا بەربڵاوە و بە هۆکارێکی گرنگ هەژماردەکرێت لە پێشخستنی بازرگانی و ئابووریی وڵاتان بە تایبهت وڵاتانی تازە گەشەسەندو، چونکە لە ئەنجامی ئەم جۆرە لە گرێبەست ئامێر و کەرەستەی پێشکەوتوو دابیندەکرێت بە تێچوویەکی کەمتر لە کڕین، و خستنەبەرچاو و ڕوونکردنەوەی یاسای وڵاتان و ڕێککەوتننامەی یونیدراوی تایبەت بە بەکرێدانی پارەدارکردن بۆ یاسادانەر بە مەبەستی

سوودبینین لێی بۆ دارشتنی یاسایەکی تایبەت بەم جۆرە لە گرێبەست. هەروەها گرنگیەکەی لە زانینی ئەو سیستەمە یاساییەدایە کە گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردنی سنووربڕ بۆی ملکەچ دەبێت، و نەگونجاویی ملکەچبوون بۆ یاسایی نیشتمانی لەگەڵ سروشتی ئەم گرێبەستە و پێویستی هەبوونی ڕێسایەکی یاسایی نێودەوڵەتی کە گونجاوبێت لەگەڵ سروشتی ئەم گرێبەستە.

میتۆدی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی شیکردنەوە و بەراودکاری دەبەسترێت، کە میتۆدی شیکردنەوە هەڵدەستێت بە شیکردنەوەی بەندەکانی ڕێککەوتننامە (یونیدروا)ی ساڵی (١٩٨٨) تایبەت بە بەکرێدانی پارەداکردن و خستنەڕووی ئەو بابەتانەی کە ئەم ڕێککەوتننامەیە ڕێکیخستوون و لەگەڵ ئەو بابەتانەی ڕێکنەخراون لەم ڕێککەوتننامەیە، بەڵام لە میتۆدی بەراوردکاری بەراوردی هەڵوێستی یاسای عێراقی لە بارەی ڕێکخستنی یاسایی بۆ گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردنی سنووربڕ لەگەڵ خستنەڕووی هەڵوێستی هەر یەکە لە یاسای میسری و ئوردنی دەکات.

پێکهاتەی توێژینەوە

بۆ ئەوەی بابەتی توێژینەوەکە بە وردی ڕوونبکەینەوە، بەسەر سێ تەوەرەدا دابەشمانکردوە؛ بەشی یەکەم باس لە چەمکی گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردنی سنووروبڕ دەکات. بەشی دووەمیش باس لە ملکەچبوونی گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردن بۆ یاسا نیشتمانیەکان بە گوێرەی ڕێسای دانەپاڵی کلاسیکی دەکات، لە تەوەرەی سێیەم و کۆتاییدا باس لە ملکەچبوونی گریبەستی بەکرێداتی پارەدارکردن بۆ ڕێسا بابەتیە نێودەوڵەتیەکان دەکرێت.

**تەوەرەی یەکەم: چەمکی گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردنی سنووربڕ**

وەک ئاشنای هەموو لایەکە هەر گرێبەستێک کە دروستبووە لە ئەنجامی وەڵامدانەوە بووە بۆ چالاکیەک کە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا هەبووە و بووەتە بەشێک لە پێوستی و لە ئەنجامدا لە ڕێگای یاسادانەرانەوە بە یاسا ڕێکخراوە، گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردنی سنووربڕیش سەرەتا لە ناوخۆی وڵاتان گەشەیکرد و یاسای نیشتمانیی بۆ دەرچوو، دواتر بەهۆی گرنگیی ئەم جۆرە گرێبەستە وای کرد لە ڕووی نێودەوڵەتیش ببێتە جێگای بایەخ و ڕێککەوتننامەیەکی تایبەتی بۆ دەربچێت، بۆیە لەم تەوەرە هەوڵدەدەین پێناسەی ئەم گرێبەستە بخەینەڕوو، لەگەڵ تیشکخستنەسەر ئەو تایبەتمەندییە تایبەتیانەی کە ئەم گرێبەستە لە گرێبەستە هاوشێوەکانی جیادەکاتەوە.

**یەکەم: پێناسەی گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردن:**

بۆ دیارکردنی پێناسەی ئەم گرێبەستە و لە بارەی گریبەستی بەکرێدانی پارەدارکردن پێویست دەکات بۆچوونی بیرمەندانی یاسایی و یاسای وڵاتان وەربگرین؛

**أ. پێناسەی گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردن لە لایەن بیرمەندانی یاسایی**

بەپێی ئەم گرێبەستە بەکرێگر لەگەڵ بەکرێدەر ڕێکدەکەوێت بۆ دەستخستنی ئەو سامانە بە کرێیەکی دیاریکراو بە تایبەتمەندیی دیاریکراو کە لە لایەن بەکرێگرەوە دەستنیشاندەکرێت ئەویش بە گوێرەی پێویستیی بەکرێگرەوە، ئەو تایبەتمەندیانە دیاریدەکرێن و هاوردەکاریش ئەم سامانە ئامادەدەکات. لە کۆتایی گرێبەستیش بەکرێگر بەپێی یاسا سێ بژاردەی دەبێت ئەوانیش مافی هەیە بە کڕینەوەی سامانی بەکرێدراو لە کۆتایی گرێبەست یاخود درێژکردنەوەی ماوەی گرێبەست یان کۆتاییهێنان بە گرێبەست و گەڕانەوەی سامانە بەکرێدراوەکە بۆ بەکرێدەر. ئەمەش یەکێکە لە تایبیتمەندییە گرنگەکانی ئەم گریبەستە.

ئەگەرچی بیرمەندانی یاسا کۆکن لەسەر پێناسەکردنی گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردن لە ڕوانگە ئابووریەکەوە بەوەی بریتیە لە چالاکیەکی پارەدارکردن، کە دامەزراوەی دارایی ئەرکی پارەدارکردنی پڕۆژە بازرگانی و پیشەسازی و پیشەی و کشتوکاڵی و هونەریەکان لەئەستۆدەگرێت، ئەویش بە شێوەی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، ئامێر و کەرستەی پێویست دابیندەکات کە پێویستیانە، بە ئامانجی بونیادنانی پڕۆژەی نوێ یاخود نوێکردنەوەی لە ڕێگای ئامێر و ئامرازی نوێ کە هاوشانە لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژی، بیرمەندانی یاسایی لە ڕووی یاسییەوە بیروڕایان جیاواز بوو دەربارەی چالاکیی گرێبەستی بەرکرێدانی پارەدارکردن، بەم هۆیەوە چەند ئاراستەیەک هاتنەکایەوە:-

ئاراستەی یەکەم:- بریتیە لە گرێبەستی بەکرێدان یان سیستەمێکی یاسای تێکەڵاو لە فۆڕمێکی تەقلیدیی گرێبەستە بازرگانیەکان و جیاواز لە هەندێک تایبەتمەندی (ناصیف، ٢٠٠٨: ٥٣).

ئاراستەی دووەم:- شێوازێکی یاسایی نوێیە ڕێگەدەدات بە بەکارهێنانی ئەو سامانەی کە پڕۆژەکان ناتوانن خاوەنداریەتیبکەن (عبدالکریم، ٢٠١٩: ١٠٥).

ئاراستەی سێیەم:- سیستەمێکی تێکەڵاوی پارەدارکردەنە بۆ وەبەرهێنانی بەرهەمدار (ناصیف، ٢٠٠٨: ٥٦).

**ب. پێناسەی گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردن لە لایەنی یاساوە:**

یاسادانەری فەرەنسی پێناسەی بەکرێدانی پارەدارکردنی کردووە لە ماددەی یەکەم لە یاسای ژمارە (٦٦ – ٤٥٥) کە لە (٢ – یولیو – ١٩٦٦) دەرچوە دوای هەموارکردنەوەی بە گەڵاڵەنامەی

ڕێکخراو (اللائحة التنظمية) بە ژمارە (٦٧ – ٨٣٧) لە (٢٨ – سێپتێمبەر – ١٩٦٧). لەم مادەیە هاتوە کە چالاکیی بەکرێدانی پارەدارکردن چالاکیی بەکرێدانی ئامێر و کەرەستەی کارە کە پرۆژەکان دەیانکڕن بە مەبەستی بەکرێدانیان و مانەوەی خاوەنداریەتەکەی لای خۆیان ئەم چالاکییە بە سروشتی یاسایی بەکرێگر سەرپشکدەکات لە کڕینەوە و خاوەنداریەتیی سەرجەم سامانە بەکرێدراوەکە یاخود بەشێکی لە بەرانبەر نرخێکی دیاریکراو لە کاتی دیاریکردنی نرخیش ڕەچاوی ئەو بڕە دەکرێت کە بەکرێگر داوایەتی وەک کرێ. لەمەی سەروە دیاردەبیت کە یاسادانەری فەڕەنسی گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردنی لە سێ شێوەدا ڕێکخستوە: یەکەم، بەکرێدانی پارەدارکردن بۆ کەلوپەلی گوازراوە (المنقولات). دووەم، بەکرێدانی پارەدارکردنی خانووبەر (عقار)، بەکرێدانی پارەدارکردن دوای (التأجير التمويلي اللاحق) (حمصى ١٦).

یاسادانەری میسرپیش لە یاسای (ڕێکخستنی چالاکیی بەکرێدانی دارایی و داشکاندن ژمارە (١٧٦)ی ساڵی ٢٠١٨ -بڕگەی (١)ی مادەی یەکەم) پێناسەی گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردن کردوە بەوەی کە چالاکیەکی پارەدارکردنە ڕێگا بە بەکرێگر دەدات بۆ خستنەژێردەست و بەکارهێنانی سامانە بەکرێدراوەکە، بۆ کاتێکی دیاریکراو و بەرانبەر قیستی بەکرێدان بە گوێرەی بنەمایەکانی گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردن، و بەکرێگر مافی هەیە ئەو شتەی دراوە بەکرێ بکڕێتەوە یاخود بەشێکی لە ڕێکەوتێکی دیاریکراو بەو نرخەی لە گرێبەستەکە دیاریکراوە.

بە سەرنجدانمان لە یاسای عێراقی بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم چالاکیە و گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردن نەبۆتە جێگای سەرنجی یاسادانەری عێراقی. تەنیا یاسادانەری عێراقی بە شێوەیەکی لاوەکی باسی بەکرێدانی پارەدارکردنی کردوە بە جۆرێک کە لە ئاستی گرنگی و پێویستیی ئەم گرێبەستەدا نەبووە، یاسادانەر تەنها لە دەقێکی یاسایی ئاماژەی بە بەکرێدانی پارەدارکردن کردوە ئەویش لە مادده (٢٧)ی یاسای بانکە بازرگانیەکانی عێراقیی ژمارە ٩٤ی ساڵی٢٠٠٤ بە ناونیشانی (بنەماکانی ئەنجامدانی چالاکی بانکی)، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر کەمتەرخەمیی یاسادانەری عێراقی و کوردستانی لە بارەی بابەتێکی گرنگ و هەستیار، کە هیچ ڕێکخستنێکی یاسایی بۆ نەکراوە و باسنەکراوە و شێوەیەکی پێنەداوە (المفرجی،(٢٠١٤): ٣٧).

لەبارەی ڕێککەوتننامەی یونیدروا، لە مادەی یەکەمیدا هاتوە کە مامەڵەی بەکرێدانی پارادرکردن بەڕێوەدەبات، کە تێیدا لایەنێک (بەکرێدەر)، لەسەر خوازیاری لایەنێکی دیکە (بەکرێدەر)، ڕێککەوتنێک کە پێیدەڵێن (ڕێککەوتنی دابینکردن) لەگەڵ لایەنی سێیەم (دابینکار) دەکات کە بەپێی ئەو ڕێککەوتنە بەکرێدەر کاڵای سەرمایە یان ئامێرەکانی تر (ئامێرەکان) بەدەستدەهێنێت بە مەرجەکانی پەسەندکراو لەلایەن بەکرێگیراوەوە تا ئەو جێگایەی کە پەیوەندییان بە بەرژەوەندییەکانیەوە هەیە، و ڕێککەوتنێکی تر کە ڕێککەوتنی بەکرێدانە لەگەڵ بەکرێگیر دەکات، کە مافی بەکارهێنانی ئامێرەکان دەدات بە بەکرێگیراو لە بەرانبەر پێدانی کرێ (ڕێککەوتننامەی یونیدرا، ١٩٨٨، مادە ١). هەروەها، ئەم ڕێککەوتننامەیە پێناسەیەکی ڕوون و دیاریکراوی بۆ گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردن نەکردوە، بەڵکو تایبەتمەندیی چالاکیی

بەکرێدانی پارەدارکردنی دیاریکردوە لە ماددەی ٢/أ (مامەڵەی دارایی بەکرێگرتن کە لە بڕگەی پێشوودا ئاماژەپێکراوە بریتیە لە مامەڵەیەک کە ئەم تایبەتمەندییانەی خوارە دەگرێتەوە (ڕێککەوتننامەی یونیدرا، ١٩٨٨، مادە٢/أ):

(أ) بەکرێگر ئامێرەکە دەستنیشاندەکات و دابینکەر هەڵدەبژێرێت بەبێ پشتبەستن بە لێهاتوویی و بڕیاری بەکرێدەر).

ئەم ڕێککەوتننامەیە لایەنەکانی گرێبەستی دیاریکردوە بەسەر سێ لایەن (بەکرێدەر – بەکرێگر – دابینکار) لەو چوارچێوەیە دەرچوە کە گرێبەست بە دوولایەنە دیاریدەکرا، لەسەر ئەم بنەمایەش ئەو گرێبەستەی کە بەکرێدەر و هاوردەکاری تێیدا بنەماکانی ئەم ڕێککەوتننامەیەی لەسەر جێبەجێ نابێ (احمد، ٢٠٢١: ٣٥).

**دووەم : تایبەتمەندیەکانی گرێبەستی بەکرێدانی پارەداکردن:**

لە گرنگترین تایبەتمەندیەکانی گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردن بریتین لەمانەی خوارەوە:

یەکەم: گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردن شێوەیەکی سێلایەنەی هەیە:-

گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردن لە ڕووی یاساییەوە بە گرێبەستێکی دوولایەنە دادەنرێت، بەڵام لە ڕووی پراکتیکیەوە گرێبەستێکی سێلایەنەیە، بۆ زانینی ئەوەی ئایا گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردن دوولایەنەیە یاخود سێلایەنە پیویستە لایەناکانی گرێبەستەکە دیاریبکەین. دیاریکردنی سروشتی ئەو پەیوەندییە یاساییەی کە دروستبووە لە نێوانیان لە ئەنجامی ئەم چالاکیە (مصطفی ، عبدالكريم، ٢٠١٨ – ٢٠١٩ :٥٣ ). و لایەنەکان بریتین لە:

١- بەکرێگر: بریتیە لە کەسێک یاخود کۆمپانیایەک کە شارەزای تەواوی هەیە، بەڵام سامانی تەواوی نیە بۆ کڕینی ئەوەی پێویستیەتی لە ئامێر و کەلوپەل و بەرهەمهێنان و هاوردەکردن، بۆیە داوایەک لە کۆمپانیایەکی بەکرێدانی پارەدارکردن دەکات بۆ کڕینی ئامێر و کەلوپەلی پێویست بەو سەرمایە دیاریکراوەی خۆی، دواتر بەکرێدانی بۆ بەکرێگر بە مەبەستی خستنەگەڕی لەو بوارەی کە کاری تێدا دەکات و شارەزایی هەیە، هەر بۆیە سوودوەرگر (بەکرێگر) هۆکاری جووڵاندنی چالاکیی بەکرێدانی پارەدارکردنە (البدالي، ٢٠٠٥: ١٧٦ - ١٧٧ ).

٢. دابینکار: مەبەست لێی ئەو لایەنەیە کە هەڵدەستێ بە دروستکردنی ئامیرەکانی بابەتی چالاکیی بەکرێدانی پارەدارکردن بەپێی ئەو تایبەتمەندیەی کە بەکرێگر دەیەوێت. لەسەر داواکاری بەکرێدەر هاوردەیدەکات، ئەمەش دوای دانی پارەکەی، دابینکار لایەنێک نیە لە گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردن، بەڵکو لایەنێکە لە گرێبەستی فرۆشتن کە لەنێوان دابینکار و بەکرێدەر (کۆمپانیای بەکرێدانی پارەدارکردن) دەکرێت. ئەگەرچی پەیوەندیەکی گرێبەستیی ڕاستەخۆ لە نێوان بەکرێگر و دابینکار نیە، بەڵام ڕای پەسەند ئەوەیە کە بەکرێگر دەتوانێ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بگەڕێتەوە سەر دابینکار بە گوێرەی گرێبەستی بریکاری (وکالە) کە لە نێوان کۆمپانیای بەکرێدانی پارەدارکردن (بریکاردەر) و پرۆژەی سوودمەند (بریکار) هەیە، کە سامانی

بەکرێدراوەکە بەو دەسەڵاتەی کە پێیدراوە لە لایەن بەکرێدەر دیاریدەکات (البدالي، ٢٠٠٥: ١٧٧ – ١٧٨).

٣. بەکرێدەر:- ئەو کەسەیە، کە سامانی بەکرێدراو لە بەرهەمهێن یان فرۆشیار دەکڕێت، بە گوێرەی ئەو بنەما گشتیەی کە هەیە دەربارەی ئازادیی ئەنجامدانی گرێبەست دەکرێ بەکرێدەر کەسی ئاسایی بێت یاخود واتایی بێت (مصطفى، عبدالكريم، ٢٠١٩ :٢٣ ).

سەبارەت بە ڕێککەوتننامەی یونیدروا (اوتاوا ١٩٨٨)، دیارینەکردووە بەکرێدەری پارەدارکردن کێیە، بەڵکو ئەم بابەتەی جێهێشتوە بۆ یاسا نیشتیمانیەکان کە تایبەتن بە بەکریدانی پارەدارکردن بە مەبەستی دیاریکردنی سروشتی بەکرێدەری پارەدارکردن، ڕۆڵەکەی خۆی دەبینێتەوە لە دانی پارەی ئەو سامانەی کە بەکرێگر داوایدەکات و بەو تایبەتمەندیانەی کە پێویستیەتی لەگەڵ پارێزگاریکردن لە خاوەنداریەتەکەی لە لایەن بەکرێدەر و لە بەرانبەر لایەنی دووەم بەکرێگر قستەکانی دەدات بەرانبەر ئەوەی کە ئەم سامانە بەکاردەهێنێت (احمد، ٢٠٢١ :٨٤).

بەگوێرەی ڕێککەوتننامەی یونیدروا گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردن لە دوو لایەن پێکدێت لە ئەنجامدا ئەو گرێبەستانەی دوو لایەنن ئەو ڕێککەوتننامە لەسەر پیادەدەکریت، سەرەڕای ئەوە کە ماددەی یەکەم بڕگەی دووەم ئاماژە بەوە دەدات کە ئەم گرێبەستە لە سێ لایەن پێکدێت کە بریتین لە بەکرێگر و بەکرێدەر و دابینکار. هەر بە گوێرەی ماددەی یەکەم بڕگەی دووەم: بەکرێگر ئەو سامانەی لەژێر دەستیدایە گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردن ئەنجامدەدات لەگەڵ بەکرێدەر، لەگەڵ هەبوونی زانیاری لە لایەن دابینکار بەم گرێبەستە، واتە لێرەدا دابینکار لایەن نیە لەم گرێبەستە. هەندێک لە بیرمەندانی یاسا وای دەبینن کە تایبەتمەندیی گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردن لەوەدایە کە سێ لایەنە و هەر یەکەیان بەرژەوەندیی جیاوازیان هەیە، بەڵام لە چوارچێوەی یەک گرێبەست کار دەکەن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی ئەم چالاکیە و ئەم چالاکیەش سێ لایەن لەخۆدەگرێت (بەکرێدەر – بەکرێگر – دابینکار) (احمد،٢٠٢١ : ٨٣).

**دووەم: گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردن شێوەیەکی دارایی هەیە:-**

گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردن شێوەیەکی دارایی (مالی) هەیە و یاسادانەری فەڕەنسی لە ساڵی (١٩٦٦) شێوەیەکی دڵنیایی (ئیتمانی) پێبەخشی، لە تێڕوانینی یاسادانەر گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردن تەنها ئامانجی بەخشینی دڵنیاییە بە بەکرێگر، تەنها ئەوە ناگرێتەوە سوود لەو ماڵە وەربگرێ کە بازاڕی بەکرێدان خستوویەتیەڕوو، بەڵکو بەدیهێنان و ئەنجامدانی وەبەرهێنانە کە دەگونجێ لەگەڵ سروشتی ئەم چالاکیەی ئەنجامیدەدات (یاسای فەڕەنسی ژمارە ٦٦-٤٥٥ ساڵی ١٩٦٦ سەبارەت بەو کۆمپانیایانە کە بەکرێدان ئەنجامدەدەن، ماددە ١)، ئەمەش ڕێگایەکی نوێی پیشانی بەکرێگر داوە، بۆتە جێگرەوەی شێوازی کۆن و تەقلیدەکانی پارەدارکردن کە خۆی دەبینەوە لە قەرزی بانکی و پارەدارکردنی وەبەرهێنان بە سامانی خۆی. (البدالي، ٢٠٠٥: ١٨٩).

گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردن بۆتە باوترین ئامرازی پارەدارکردن، ئەمەش بەهۆی دەستخستنی سەرمایەی نەختینەی نوێ کە هۆکارن بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆژەکە، ئەمەش وای کرد گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردن خواستی زۆری لەسەر بێت و دانانی بە شێوازێکی نوێ بۆ پارەدارکردن وا دەکات پرۆژەکانی وەبەرهێنان زۆرێک لە کێشەکانیان چارەسەر بێت (بن بریج، ٢٠١٣: ١٦٠).

سێیەم: گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردن لەو جۆرە گرێبەستانەیە کە بە ڕەچاوکردنی کەسی (الاعتبار الشخصی) دادەمەزرێت:-

گرێبەستی بەکرێدان پارەدارکردن یەکێکە لەو گرێبەستانەی، کە ڕەچاوکردنی کەسایەتیی لایەنی گرێبەست تێیدا زاڵە، چونکە پەیوەندیەکی پتەوی لە نێوان ئەو متمانەی کە لە لایەنەکان بە یەکتریان لەگەڵ بەستنی گرێبەستەکە هەیە، لەبەر ئەوە هەر لایەنێک سەیری سیفاتە کەسی و هونەری و داراییەکەی لایەنی بەرانبەر دەکات لە کاتی بەستنی ئەم گرێبەستە، بۆیە بەکرێگر کاتێک پەنا بۆ بەکرێدەر دەبات لە حاڵەتی هەبوونی پێشبڕکێ و ناوبانگی بازرگانیی بەرز، ئەمەش لەپێناو بەرژەوەندیی خۆی و دابینکردنی هەموو پێداویستییەکانی لایەنی دارایی بۆ وەبەرهێنان، بۆ ئەوەی هیچ کێشەیەکی پارەدارکردن و یاسایی نێتە بەردەمی کە ببتە هۆی ماندووبوون و چوونەناو کێشەی دادگا، بەهەمان شێوە بەکرێدەریش ئامادە نیە گرێبەست لەگەڵ بەکرێگریەک بکات کە لێهاتوویی تەواوەتی نیە بۆ جێبەجێکردنی پابەندیەکانی گرێبەست (عبدالکریم،٢٠١٩: ١١٢). بۆیە کۆمپانیایەکانی بەکرێدانی پاردەارکردن داوای دۆکیۆمێنتی تایبەت دەکەن لە بەکرێگر (پرۆژەی بازرگانی)، ئەمەش بۆ دڵنیابوون لە سروشتی چالاکی و قەبارەی چالاکی و ژمارەی کرپارەکانی، هەروەها لە کاتی هەڵسەنگاندنی ئەم دۆکومێتەی کە تایبەتن بە پرۆژە بازرگانیەکە ئەوا کۆمپانیای بەکرێدانی پارەدارکردن یان بڕیاردەدات بە قەبوولکردنی پارەدارکردنی پرۆژە بازرگانیەکە یاخود ڕەتکردنەوە (عبدالحسن، ٢٠١٦: ١١٢).

جێگای ئاماژەیە، زۆربەی یاساکان دەقیان لەسەر ئەوە هێناوە کە بەکرێگر ناتوانێ دەستبەرداری (تنازل) بکات لە گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردن بۆ بەکرێگرەکی دیکە، تەنها بەڕەزامەندیی بەکرێدەر نەبێ هەروەک لە ماددەی (٢٤) لە یاسای ژمارە (١٧٦)ی ساڵی (٢٠١٨)ی یاسای میسری تایبەت بە ڕێکخستنی چالاکیی بەکرێدانی پارەدارکردن و کەمکردنەوە (التخصیم)دا هاتوە دەکرێ، بەکرێگر داوای وەرگرتنی ڕەزامەندیی کتابیی لایەنی بەکرێدەر بکات، دەستبەرداربێت لە گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردن بۆ بەکرێگرێکی دیکە (یاسای ژمارە (١٧٦)ی ساڵی (٢٠١٨)ی یاسای میسرپی تایبەت بە ڕێکخستنی چالاکیی بەکرێدانی پارەدارکردن و کەمکردنەوە، مادە ٢٤).

لە ڕێککەوتننامەی یونیدروا ساڵی (١٩٨٨) لە ماددەی (١٤) هاتوە دەکرێ دەستبەرداری بکرێت لە گرێبەست لەلایەن بەکرێگر بۆ کەسێکی دیکە بە مەبەستی بەکارهێنانی سامانی بەکرێدراو یان

هەر مافێکی تری بەدەستهاتوو، بەگوێرەی گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردن، بەڵام بە مەرجی ڕەزامەندبوونی بەکرێدەری پارەدارکرداو لەسەر ئەم دەستبەرداریە.

چوارەم: هەڵبژاردنی سێ لایەنی کە مافی بەکرێگرە لە کاتی کۆتاییهاتنی گرێبەستەکە:-

گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردن تایبەتمەندیی خۆی هەیە بەوەی سێ هەڵبژاردن ئەخاتە بەردەم بەکرێگر لە کاتی کۆتاییهاتنی گرێبەستەکە ئەوانیش بریتین لە:-

١. کڕینی ماڵە بەکرێداراوەکە:- لەگەڵ کۆتاییهاتنی گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردن دەکرێ بەکرێگر ئارەزووی خۆی نیشانبدات بەرانبەر بە بەکرێدەر بۆ کڕینی ماڵە بەکرێدراوەکە جا هەمووی بێت یاخود بەشێکی، ئەو ڕێکەوتنە دیاریدەکرێ، کە پێویستە بەکرێگر ئارەزووی خۆی نیشانبدات بۆ کڕینی و نرخەکەشی دیاریدەکرێ کە پێویستە بەکرێگر بیدات، نرخەکەش کەمترە لە نرخی بازاڕ، ئەمەش بەهۆی ڕەچاوکردنی ئەو کرێیەی کە بەکرێگر بە درێژایی ماوەی گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردن داویەتی لە بەرانبەر بەرهێنانی سامانەکە (قرمان، ٢٠١٦: ٣٦).

هەر لەم بوارەدا، یاسای فەڕەنسی و میسری ڕێگەدەدەن بەکرێگر ماڵە بەکرێدراوەکە لە کاتی کۆتاییهاتنی گرێبەستەکە بکڕێتەوە، هەروەک لە یاسای ڕێکخستنی بەکرێدانی پارەدارکردن و کەمکردنەوە (التخصیم) میسری ژمارە (١٧٦) لە ساڵی (٢٠١٨) لە مادده (٦) کە ڕێگەدراوە بە بەکرێگر بۆ کڕینی ماڵە بەکرێدراوەکە بەم شێوەیە: (بەبێ ئەوەی زیان بە بڕگەکانی ئەو یاسایانە نەگەیەنێت کە خاوەنداریێتیی موڵکی نیشاندراو و زەوی ڕێکدەخەن، بەکرێگیراو مافی ئەوەی هەیە هەموو یان بەشێک لە سەرمایەی بەکرێگیراو هەڵبژێرێت ئینجا بەو نرخەی کە لە گرێبەستەکەدا دیاریکراوە بیکڕێت، بە مەرجێک کە لە دیاریکردنی ئەو نرخە بەهای ئەو کرێیەی کە داویەتی لەبەرچاودەگیرێت). ڕێککەوتننامەی یونیدروا ساڵی ١٩٩٨ مافی داوە بە بەکرێگرەکە بۆ بکڕینی ماڵە بەکرێدراوەکە یاخود نەکڕینی (ڕێککەوتننامەی یونیدروا ساڵی ١٩٩٨: ماددەکانی ٩ و ١٢ ).

٢. درێژکردنەوەی ماوەی گرێبەستی بەکرێدان:- بەکرێگر (یاخود خاوەنی پڕۆژەی بازرگانی) دەتوانێ بەردەوام بێت لە بەکارهێنانی ماڵە بەکرێدراوەکە ئەگەر هاتوو کڕینی ماڵە بەکرێدراوەکەی هەڵنەبژارد، لەم حاڵەتە پێویستە داواکاری پێشکەشبکات بۆ درێژکردنەوەی ماوەی گرێبەستەکە، بەڵام بە مەرجێک کە ڕەزامەندیی خۆی دەرببڕێ بۆ درێژکردنەوەی ماوەکەی پێش کۆتاییهاتنی گرێبەستەکە (البدالي، ٢٠٦:٢٠٠٥).

ئەم گرێبەستە درێژکراوەی گرێبەستی یەکەم نیە، بەڵکو گرێبەتسی یەکەم کۆتاییپێدێت و گرێبەستێکی نوێ دروستدەبێت، کە مەرجەکانی سووکترن لە گرێبەستی بەکرێدانە بنەڕەتیەکە، ئەم کرێیەی کە هەژماریش دەکرێ کەمترە لەوەی پێشتوو، چونکە بەکرێگر (خاوەنی پڕۆژە بازرگانیەکە) بەشێکی گەورەی لە نرخی ئەو سامانە داوە کە جێگای ئەم گرێبەستەیە و پێویستە ئەم نوێکردنەوەیە بە شێوەیەکی ڕوون و نووسراو بێت (عبدالحسن، ٢٠١٦ :٩٦).

کاتێک ڕێککەوتنی بەکرێدان کۆتاییدێت بەکرێگیراو، مەگەر مافی کڕینی ئامێرەکان یان ڕاگرتنی ئامێرەکان بۆ ماوەیەکی زیاتر بەکاربهێنێت، دەبێت ئامێرەکان بگەڕێنێتەوە بۆ بەکرێدەر. (ڕێککەوتننامەی یونیدروا سالی ١٩٩٨: ماددەکانی ٩ و ١٢)

٣. گەڕاندنەوەی سامانی بەکرێدراوەکە:- لە حاڵەتی ئەوەی بەکرێگر چیتر پێویستی نەما بە سوودبینین لەم سامانە و نایەوێ لەژێر دەسەلاتیدا بێت، هیچ یەکێک لە هەڵبژاردنەکان لە کڕینی ماڵەکە یاخود درێژکردنەوەی ماوەی گرێبەستی هەڵنەبژاردبێت، بەڵکو بەکرێدراوەکە دەگەڕێتەوە بۆ کرێدەر، بەم شێوەیەش کۆتایی بەو پەیوەندیە بەکرێدانیە دێت، کە لە نێوان هەردوو لایەن هەبووە (قرمان، ٢٠١٦: ٣٩).

هەروەک لە ڕێککەوتننامەی یونیدروا ١٩٨٨ لە ماددەی (٩) برگە یەک و دوو کە تیایدا هاتووە بەکرێدەر پابەندە بە گەڕانەوەی سامانەکە بۆ بەکرێدەر بەهەمان ئەو بارودۆخەی کە لە پێشتردا هەبوو، بەرەچاوکردنی ئەوەی دەکرێ ڕوودبات لە ئەنجامی بەکارهێنانێکی ئاسایی (ڕێککەوتننامەی یونیدروا سالی ١٩٩٨: ماددە ٩).**تەوەرەی دووەم: ملکەچبوونی گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردن بۆ یاسا نیشتمانیەکان بە گوێرەی ڕێسای دانەپاڵی کلاسیکی**

لایەنەکان لە گرێبستە نێودەولەتیەکان ئازادیان پێدراوە لە دیاریکردنی یاسایەک بۆ پیادەکردن لەسەر پەیوەندیە گرێبەستیەکەیان، زۆربەی کات ئەم دیاریکردنەش بە شێوەیەکی ئاشکرا دەبێت، چونکە لە گرێبەستە بازرگانیە گەورەکان دیارینەکردنی یاسای پێویست بۆ پیادەکردن دەگمەنە، بەڵام لە حاڵەتی ئەوەی لایەنەکان ئەمەیان دیارینەکرد بژاردەی دیکە دێتە ئاراوە، بۆیە لەم تەوەرەیەدا هەوڵدەدەین تیشکبخەیەنەسەر دیاریکردنی یاسای پێویست بۆ پیادەکردن لە ڕێگای یاسای ویست و دیاریکردنی یاسای پێویست بۆ پیادەکردن لە حاڵەتی ئەوەی لایەنەکان بە شێوەیەکی ئاشکرا یاسای پێویست بۆ پیادەکردنیان دیارینەکردبێت.

**یەکەم: یاسای پێویست بۆ پیادەکردن لە گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردن بە گوێرەی ڕیسای یاسای ویست**

باوەڕبوون بە یاسای ویست وەک پێوەری دانەپاڵ بۆ دیاریکردنی یاسای پێویست بۆ پیادەکردن لەسەر گرێبەست ڕەگێکی مێژوویی هەیە کە لە ساڵی ١٩١٠ دادگای فەڕەنسی بڕیاری لەسەر ئازادیی لایەنکان دا لە بارەی دیاریکردنی یاسای پێویست بۆ پیادەکردن لەسەر گرێبەستەکانیان، هەروەها ئەم دادگایە لە کەیسی "fourrures rend" لە ڕێکەوتی ١٩٥٨/٧/٦ ئاماژەیدا بەوەی یاسای پەیڕەوکراو لەسەر گرێبەست و ئەوەی تایبەتمەندە بە بەستنی گریبەست و مەرجەکان و شوێنەوارەکانی ئەو یاسایەی لەسەر جێبەجێدەکرێت کە لایەنەکان دیارییانکردووە (بڕیاری دادگای فەرەنسی لە ڕێکەوتی ١٩٥٨/٧/٦ وەرگیراوە لە کوثر مجدوب، ٢٠١٧ :٢٥٦ ).

به گوێرەی ڕێسای دانەپاڵ لە بواری پەیوەندیە گرێبەستانیەکان زۆرینەی وڵاتان لەسەر گرێبەستەکانی بازرگانیی نێودەوڵەتی ئەو یاسایە پەیڕەودەکەن کە لایەنەکانی گرێبەست دیارییانکردووە (دواس، ٢٠١٩ :٧٩)، لەوانەش یاسای مەدەنیی عێراقی لە ماددەی ١/٢٥ باسکراوە تێیدا هاتوە کە ((یاسای ئەو دەوڵەتەی کە شوێنی نیشتەجێبوونی هاوبەشی لایەنە گرێبەستکارەکان تێدایە، پابەندبوونە گرێبەستیەکان دەگرێتەوە ئەگەر نیشتەجێبوونیان هاوبەش بێت، ئەگەر شوێنی نیشتەجێبوونیان جیاواز بوو، ئەوا یاسای ئەو دەوڵەتە جێبەجێدەکرێت کە گرێبەستەکە تێیدا ئەنجامدراوە. ئەمەش مەگەر لایەنە گرێبەستکارەکان ڕێکبکەون یان لە بارودۆخەکەوە ڕوونبێتەوە کە بڕیارە یاسایەکی تر جێبەجێبکرێت))، هەمان دەق لە یاسای مەدەنیی میسریشدا دیاریکراوە لەمادده ١٩ /١.

بەشێک لە یاسای تەحکیمی وڵاتانی عەرەبی ڕێگەیانداوە  بە لایەنەکان لە دیاریکردنی ئەو ڕێسا یاساییانەی حوکمی گرێبەستەکەیان بکات، بە نموونە یاسای تەحکیمی ئوردنی بە ژمارە ٣١ی ساڵی ٢٠٠١ لەماددەی  (٣٦/أ) ئاماژە بەوە دەکات کە ((أ- دەستەی ناوبژیوانی ئەو ڕێسا یاساییانە بەکاردەهێنێت کە هەردوو لایەن لەسەری ڕێککەوتوون، و ئەگەر ڕازیبوون یاسای وڵاتێکی دیاریکراو جێبەجێبکەن، ئەوا ڕێسا جەوهەرییەکانی (الموضوعية) تێیدا بەبێ ئەوەی ڕێساکانی پەیوەست بە ململانێی یاساکان)).  هەروەها، ئازادیی ویستی لایەنەکان لە دیاریکردنی ئەو یاسایەی حوکمی گرێبەستی بازرگانی نیودەوڵەتی دەکات لە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکانیش جێگیرکراوە و وەکو ڕێککەوتنامەی ڕۆمای ساڵی ١٩٨٠ (دواتر بووتە ڕێکخستنی ڕۆما I ساڵی ٢٠٠٨) کە پەیوەندیدارە بە یاسای پێویست بۆ پیادەکردن لەسەر پابەندیە گرێبەستیەکان، لە ماددەی (١/٣) هەمان ڕیککەوتننامەیە باسی پیادەکردنی ئەو یاسایە دەکات کە لایەنەکان دیارییانکردوە و دیاریکردنەکەش بە شێوەیەکی دڵنیاو دورست ڕوونبێت لە برگەکانی گرێبەست یاخود بارودۆخی گرێبەست دیاریکرابێت لە مادەی (١/٣)دا هاتووە کە ((گرێبەستەکە پەیوەستە بەو یاسایەی کە هەردوولا هەڵیانبژاردوە. دەبێت هەڵبژاردنەکە بە دڵنیایی مەعقولەوە دەربېڕدرێت یان بسەلمێنرێت لە ڕێگەی مەرجەکانی گرێبەستەکە یان بارودۆخی کەیسەکە)).

لەگەڵ ئەوەی لایەنەکانی گرێبەستی بازرگانیی نێودەوڵەتی ئازادن لە دیاریکردنی یاسای پێویست بۆ پیادەکردن لەسەر مامەڵەکەیان بەگوێرەی بنەمای یاسای ویست بە شێوەیەکی گشتی، بەڵام هەندێک هەڵاوێرد هەن کە دەبنە هۆی ڕێگری لە پیادەکردنی یاسای هەڵبژێردراو لە لایەن لایەنکانی گرێبەست، ئەگەر هاتوو یاسای هەڵبژێردراو پێچەوانەی ئاداب و پەیڕەوی گشتیی وڵاتی دادوەر بێت کە سەیری ناکۆکیەکە دەکات، یاخود گۆڕانکاری ڕوودات لە ویستی لایەنەکان بە ئامانجی خۆلادان لە بڕیارەکانی یاسای پێویست بۆ پیادەکردن (لغريب، ٢٠٢٢: ١٥٣).

**دووەم: یاسای پێویست بۆ پیادەکردن لە گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردن لە حاڵەتی نەبوونی هەڵبژاردنێکی ئاشکرا بۆ دیاریکردنی یاسای پێویست**

مانای هەڵبژرادنی ناڕاستەوخۆ و شاراوە لەو یاسایەی حوکمی گرێبەست دەکات ئەوەیە ئەم هەڵبژاردنە بە ئاشکرا ڕانەگەینراوە، بەڵکو پێویست دەکات لەسەر دادوەر لە بارودۆخی گرێبەست و ئیرادەی لایەنەکان یاسایەکە دیاریبکات وەکو شوێنی پێکهێنانی گرێبەست یاخود پیادەکردنی یان شوینی چالاکیی بنەڕەتی (أبو عمر، ٢٠٢٢: ٢٧).

لەم کاتەدا ڕێکخەری دانەپاڵی جێگرەوە پەنای بۆ دەبردرێت، کە بە خاڵێکی ناکۆکیی یاسایی و فقهی دادەنرێت بەهۆی دیارینەکردن و ڕێکنەکەوتن لەسەر ڕێکخەرێکی دانەپاڵی یەکگرتوو کە گونجاوبێت بۆ حوکمکردنی گرێبەستە نێودەوڵەتیەکان لە حاڵەتی نەبوونی هەڵبژاردن بۆ یاسای پێویست بۆ پیادەکردن. یاسای زۆربەی وڵاتانی عەرەبی ڕێسای دانەپاڵ بۆ گرێبەستە نێودەوڵەتیەکان لەخۆدەگرێت وەکو لە ماددەی ١/٢٥ ی یاسای شارستانیی عێراقی ئاماژەیپێدراوە بەوەی (دەربارەی ئەرکەکانی گرێبەست یاسایی دەوڵەتی هاوبەشی لایەنەکان پەیڕەودەکرێت ئەگەر وڵاتیان یەک بێت، ئەگەر وڵاتەکەیان جیاوازبوو یاسای ئەو دەوڵەتە پەیڕەودەکرێ کە گرێبەستەکەی تێدا ئەنجامدراوە، لەو حاڵەتەی ئەگەر لایەنەکان ڕێکنەکەوتن یان لە بارودۆخەکان دەرکەوت کەوا مەبەستەکە یاسایەکی تر جێبەجێبکرێت).

ئەم ماددەیە بەرانبەر مادەی ٢٥ ی یاسای شارستانیی مسری و مادەی ٢٧ی یاسای شارستانیی ئوردنیە، لەم حاڵەتەدا دادوەر پابەنددەکرێ بە جێبەجێکردنیان بە شێوەیەکی یەک لەدوای یەک وەک چۆن لە دەقەکەدا هاتوە، تایبەتمەندیی ئەم ڕێسایەش بریتییە لەوەی ئەمانی یاسایی دەدات بە مامەڵەی لایەنەکان، و زانیاریی پێشوەختەیان دەبێت لە یاسای گرێبەست.

بە سەرنجدانمان لەو دەقەی یاسای شارستانیی عێراقی بۆمان ڕووندەبێتەوە ئەرکەکانی گرێبەست ملکەچی ئەو یاسایە دەبن کە لایەنەکانی گرێبەست دیاریانکردوە بە ویستی ئاشکرا، یاخود بە گوێرەی ویستی شاراوە دادوەر لە بارودۆخی گرێبەست دەریدەهێنێت لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە لە ویستی شاراوە، یاخود ملکەچی چاودێری دادگای پێداچوونەوە دەبێت بەهۆی ئەوەی پەیوەندیدارە بە ڕاڤەکردنی گرێبەست (کاظم،٢٠١٦ :٣٣٣).

میتۆدی ئەرکی جیاواز (الأداء المییز) ئەویش بەکاردێت وەک میتۆدێکی نوێ بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکیانەی پەیوەندیدارن بە گرێبەستە نێودەوڵەتیەکان، و دیارکردنی ئەرکی جیاوازیش بە گوێرەی پیشەی لایەنەکان دەبێت، بە واتای ئەوەی گرێبەست دابەش دەبێت بۆ دوولایەن لایەنی ئاسای و و لایەنی سەرەکی کە هەڵدەستێ بە جێبەجێکردنی گرێبەست بەو پەڕی توانا و بە شێوەی پیشەیی و ڕێکخراو، بەجێگەیاندنی ئەم لایەنەش بە ئەرکی جیاواز دادەنرێت لە گرێبەستەکە، ئەویش قەرزارە ( فضل، العتوم، ٢٠١٩: ٥٦٦). بەم ڕێگەیە دەتوانرێت ئەرکی جیاواز پێناسە بکرێت بەو ئەرگەی کە بە پێدانی بڕە پارەیەک هاوتادەکرێت (ابو عمر، ٢٠٢٢: ٣٢)، بە جێبەجێکردنی ئەم چەمکە لە سەر گرێبەستی فرۆشتن، بۆ نموونە، ئەرکی فرۆشیار جیاوازە چونکە کڕیار پابەندە بە پێدانی نرخەکە، کە بریتییە لە بڕک پارە، بە هەمان شێوە لە گرێبەستی بەکرێدانی پاراداركردندا ئەرکی بەکرێدەر جیاوازە چونکە بەکرێگیراو پابەندە بە پێدانی کرێ، کە

بریتییە لە بڕەک پارە، لە دوو نموونەکەدا یاسای شوێنی نیشتەجێبوونی فرۆشیار و بەکرێدەر دەبێت لە سەر گرێبەستی فرۆشتن و بەکرێدانی پاراداکردن جێبەجێبێت.

دادگای فەرەنسی و یاسای بەشێک لە وڵاتانی ئەوروپی بە ئەرکی جیاوازیان وەرگرتوە (الجواري، ٢٠٢٣: ١٣٨)، لەوانەش یاسای توونسیی دەرچوو لە ساڵی ١٩٩٨ کە ماددەی (٦٢) دەڵێت (گرێبەستەکە ملکەچ ئەبێت بەو یاسایەی کە لایەنەکان دیارییانکردووە و ئەگەر لایەنەکان یاسای کارپێکراو دیاری نەکەن، ئەوا یاسای ئەو وڵاتەی کە بارەگای ئەو لایەنەی کە ئەرکەکەی کاریگەری لەسەر گونجاندنی گرێبەستەکە هەیە یان بارەگای ئەو لایەنە تێیدا دامەزراوە ئەگەر گرێبەستەکە لە چوارچێوەی چالاکییەکی پیشەیی یان بازرگانیدا ئەنجامدرابێت)، هەروەها لە یاسای سویسریی دەرچوو لە ساڵی ١٩٨٧ بە ئەرکی جیاوازی وەرگرتوە کە ماددەی ١١٧ دەقی کردوە کە (١-لە نەبوونی هەڵبژاردنی یاسا، گرێبەستەکان بە یاسای ئەو دەوڵەتە ملکەچ دەبن کە نزیکترین پەیوەندییان لەگەڵیدا هەیە، ٢- وا گریمانە دەکرێت کە پەیوەندییەکی لەو شێوەیە لەگەڵ دۆخی نیشتەجێبوونی خودی ئەو لایەنەدا هەبێت کە دەبێت ئەرکی جیاواز جێبەجێبکات یان ئەگەر ئەو لایەنە گرێبەستەکەی لە ئەنجامدانی چالاکییەکی پیشەیی یان بازرگانیدا ئەنجامدابێت، لەگەڵ ئەو دەوڵەتەی کە ئەو لایەنە گرێبەستەکەی ئەنجامداوە دامەزراندوونی. ٣- پابەندبوونی جیاواز بە تایبەتی بە واتای: أ- لە گرێبەستەکانی گواستنەوەی ئەرکی جیاواز گواستنەوەیە؛ ب-لە گرێبەستەکانی پەیوەست بە بەکارهێنانی موڵک یان مافێک: ئەرکی ئەو لایەنەی کە ئەو بەکارهێنانەی پێدەبەخشێت جیوازە؛ ج- لە گرێبەستی بریکاری، گرێبەستی کارکردن و گرێبەستەکانی تر بۆ ئەنجامدانی خزمەتگوزاریەکان ئەرکی جیاواز ئەرکی خزمەتگوزاری جیاوازە؛ د- لە گرێبەستی وەبەرهێناندا: پابەندبوونی وەبەرهێنەر جیاوازە ؛ هـ- لە گرێبەستی گەرەنتی ئەرکی گەرەنتیکەر جیاوازە).

ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکانیش بە ئەرکی جیاوازیان وەرگرتوە، ئەم ڕێکخەرە یەکێک لە گرنگترین ئەو بنەمایانەیە کە ڕێککەوتننامەی لاهای لەسەر بنیاتنراوە لە ساڵی ١٩٥٥، کە پەیوەستە بە یاسای پێویست بۆ پیادەکردن لەسەر فرۆشتنی نێودەوڵەتی بۆ گوێزەرەوە مادیەکان، مادەی سێیەمی ئەم ڕێککەوتننامەیە ئاماژە دەدات بەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی ئاسای فرۆشیار یاخود ناوەندی دامەزراوەکەی لەکاتی گرێبەستکردن پشتی پێدەبەسترێت وەکو ڕێکخەری دانەپاڵی سەرەکی لە دیاریکردنی ئەو یاسایەی حوکمی گرێبەست دەکات، بە هەمان شێوە ڕێککەوتننامەی لاهای بەستراو لە ١٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٠ پەیوەستە بە یاسای پێویست بۆ پیادەکردن لەسەر ئەرکەکانی گرێبەست بە ئەرگی جیاواز وەرگرتوە (عوني، المعايطه، ٢٠١٧: ١١٢).

بە سەرنجدانمان لە یاسای شارستانی عێراقی و ئوردنی و مسری بۆمان ڕووندەبێتەوە یاسادانەران ڕێسای دانەپاڵی دابەشکردوە بۆ دوو لق یەکەمیان ڕێسای دانەپاڵی ئەسڵیە و دووەمیشیان ڕێسای دانەپاڵی جێگرەوەیە. بەگوێرەی پلەبەندی یاسادانەر پێشینەی داوەتە ویستی

لایەنەکان لە دیاریکردنی یاسای پێویست بۆ پیادەکردن، لە حاڵەتی نەبوونی ویستی لایەنەکان لە دیاریکردنی یاسای پێویست یاسادانەر تیشکی خستۆتە سەر ڕێسا جێگرەوەکان کە جێگیرکراوە لەدوای یەکتر یەکەمیان گەڕانەوە بۆ سەر یاسای دەوڵەتی هاوبەش و دواتر یاسای شوێنی بە ئەنجامدانی گرێبەست، یاسادانەریش لەم دەستنیشانکردنە سەرکەوتوونەبوە چونکە ڕێسای دانەپاڵی سنووردار کردووە و بەیاسای وڵاتی هاوبەش و شوینی ئەنجامدانی گرێبەستی وەرگرتووە بەبێ سەرنجدان لە ڕەگەزەکانی تر لە پەیوەندیە گرێبەستیەکان (عوني، المعايطه، ٢٠١٧: ١١٧).

لە ڕێککەوتننامەی یونیدروا زۆر بە ڕوونی جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتننامەی دیاریکردوە لە ماددەی ٣ کە دەڵێت (١- ئەم ڕێککەوتنە جێبەجێدەکرێت کاتێک بەکرێدەر و بەکرێگر شوێنی کارەکەیان لە دوو وڵاتی جیا بێت وە: أ- ئەو وڵاتانە و وڵاتەی کە دابینکەر شوێنی کاری خۆی هەیە وڵاتی بەشدار لە گرێبەستەکە بوو‌بێت؛ یان ب- هەردوو ڕێککەوتنی دابینکردن و ڕێککەوتنی بەکرێدان بەپێی یاسای وڵاتێکی بەشدار لە ڕێککەوتنەکە دەبێت. ٢- ئاماژەیەک لەم ڕێککەوتنە بۆ شوێنکاری لایەنێک ئەگەر زیاتر لە یەک شوێنکاری هەبوو مانای ئەوەیە شوێنکارەکە کە نزیکترین پەیوەندی بە ڕێککەوتنە پەیوەندیدارەکە و ئەنجامدانیەوە هەیە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرج، کە زانراوە یان بیری لێکراوەتەوە لەلایەن لایەنەکان لە هەر کاتێکدا بەر یان لە کۆتایی گرێبەستەکە).

زۆربەی گرێبەستە نێودەوڵەتیەکانیش کە کەسانی خاوەن پیشە و بازرگانی ناسراو ئەنجامیدەدەن ملکەچی یاسای شوێنی نیشتەجێبوونیان دەبێت بە سیفەتی ئەوەی قەرزدان بە ئەرکی جیاواز، لە بەرانبەردا لایەنی دووەم پابەندی تەنها بریتییە لە پێدانی نرخ یاخود بەرانبەر بە واتای ئەوەی پابەندیەکەی بنەڕەتی نییە لە گرێبەست (عوني، المعايطه، ٢٠١٧: ١١٥).

لەژێر ڕۆشنای ئەمەدا دەتوانین ئاماژە بەوە بدەین، کە لە گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردنی سنووربڕ بە گوێرەی ئەرکی جیاواز لە حاڵەتی دیارینەکردنی یاسای پێویست بۆ پیادەکردن، یاسای شوێنی نیشتەجێبوونی بەکرێدەر (کۆمپانیای لیزینگ) جێبەجێدەکریت بەهۆی ئەوەی پابەندیەکەی پابەندیەکی بنەڕەتییە لە گرێبەستەکە و ئەرکی بەکرێگر تەنها پێدانی قستە و پابەندیەکیە بنەڕەتی نییە.

### تەوەرەی سێیەم: ملکەچی گرێبەستی بەکرێداتی پارەدارکردن بۆ ڕێسا بابەتیە نێودەوڵەتیەکان

لەم تەوەرەدا هەوڵ دەدەین تیشک بخەینە سەر ڕێسا بابەتیەکان کە چارەسەرن بۆ ئەو ناکۆکیانەی دروست دەبن و سروشتێکی نێودەوڵەتیان هەیە، بوونی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکان و دەرخستنی کاریگەریان لە چارەسەرکردنی  ناکۆکیە نێودەوڵەتیەکان بەراورد بە ڕێسای ویست. ئەم تەوەرە دابەش دەکەین لەبەر سێ لق، لە یەکەمیان باس لە چەمکی ڕێسای بابەتی دەکرێت. لە

لقی دووەم باس لە ملکەچبوونی گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردن بۆ ڕێسای ڕێککەوتننامەی یونیدروا تایبەت بە بەکرێدانی پارەدارکردنی نێودەوڵەتی ساڵی ١٩٨٨ دەکرێت. لە لقی کۆتایی ئەم تەوەرەیە باس لە مەودای پیادەکردنی ڕێککەوتننامەی یونیدروا دەکات و ڕوونیدەکاتەوە مەودای پیادەکردنی تەسک و سنووردارە یاخود مەودایەکی فراوانی هەیە لە پیادەکردن لەسەر گرێبەستەکانی بەکرێدانی پارەدارکردن.

**یەکەم : چەمکی ڕێسای بابەتی**

چەمکی ڕێسای بابەتی لەلایەن بەشێک لە بیرمەندانی یاساوە وەسفدەکرێت بە: کۆمەڵێک ڕێسای بابەتی و ماددین لە سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە وەرگیراون ڕێکخستنی یاسایی و بابەتی بۆ مامەڵە بازرگانیە نێودەوڵەتیەکان دابیندەکەن بە شێوەیەک کە بیانکەن بە یاسایەکی تایبەت و سەربەخۆ لەو یاسایانەی کە تەنها پەیوەندیە ناوخۆییەکان بەڕێوەدەبەن (سلامة، ١٩٩٦: ص٢٦٧).

ئەم پێناسەیەی ڕێسای بابەتی ئەوە دەردەخات کە ئامانج لە ڕێسای بابەتی پێشکەشکردنی چارەسەری ڕاستەوخۆیە بۆ ئەو ناکۆکیەی سروشتێکی نێودەوڵەتی هەیە و ئەمەش وا دەکات ڕێسایەکی سەربەخۆبێت، جیاواز بێت لە ڕێسای دانەپاڵی ناڕاستەوخۆ، و سەرچاوەکانی ئەم ڕێسا بابەتیە هەمەجۆرن (خليل،٢٠١٥ :١٠٣).

جێگای ئاماژەپێکردنە گرنگترین تایبەتمەندیەکانی ئەم ڕێسایەی بەم شێوەی خوارەوە خراوەتەڕوو (كاظم، ٢٠٢٣: ٣٨):

١. ڕێسای بابەتی واقعین و پیادەکردنیان ڕاستەوخۆیە.
٢. ڕێسای بابەتی ڕێسای گشتین و لەگەڵ پەیوەندییە بازرگانیە نێودەوڵەتیەکان دەگونجێت.
٣. ڕێسا بابەتیەکان پیادەکردنیان ئاسانە.
٤. ڕێسای بابەتی بە ئاسانی پێناسەدەکرێت.
٥. ڕێسای بایەتی ناوەرۆکێکی نێودەوڵەتیی هەیە.
٦. ڕێسای بابەتی لە گەشەکردن نەرم و خێرایە.

ڕێکەوتنامە نیودەوڵەتیەکان ڕێسا بابەتیەکانیان لە بوارە جیاوازەکان جێگیرکردوە، ئەم ڕێسایانەش پەیوەندیدارن بە پەیوەندیە نێودەوڵەتیە تایبەتیەکان و گرێبەستە بازرگانیە نێودەوڵەتیەکان بەشێکی دیکە پەیوەندیدارن بە مەسەلکانی دیکە لە بواری بازگانیی نێودەوڵەتی. پێکهێنانی ڕێککەوتنامەکان بە ئامرازێکی گرنگ هەژماردەکرێ لە چارەسەکردنی ناکۆکیی یاساکان (كاظم، ٢٠٢٣ : ٣٨ ).

**دووەم: ملکەچبوونی گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردن بۆ ڕێسای ڕێککەوتننامەی یونیدروا تایبەت بە بەکرێدانی پارەدارکردنی نێودەوڵەتیی ساڵی ١٩٨٨:**

پەیوەندیە یاسایەکان بە شێوەیەک دابەشدەبن بۆ دوو بەش یەکەمیان پەیوەندیە ناوەخۆییەکان لەخۆدەگرێت، کە هەموو ڕەگەزەکانی بە یەک دەوڵەتەوە بەستراوە، یاسای ناوەخۆی ئەم وڵاتانە تایبەت دەبێت بە ڕێکخستنی، بەبێ بەشداریکردنی هیچ سیستەمێکی تایبەت بە وڵاتێکی دیکە، لە بەشی دووەم پەیوەندیەکان سنوور و چوارچێوەی وڵاتیک تێدەپەڕێنن لەم حاڵەتەشدا ئەم پەیوەندیە شێوەیەکی نێودەوڵەتی لەخۆدەگرێت یاخود بڵێین ڕەگەزێکی بیانی لەخۆدەگرێ ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی ناکۆکی لە نێوان یاساکان (الحاج، ٢٠١٣: ١٩٠).

بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە دروستدەبن لە ناکۆکیی نێوان یاساکان و دیاریکردنی یاسای پێویست بۆ پیادەکردنی لەو پەیوەندیە یاساییەی کە ڕەگەزێکی بیانی تێدایە (بەکریدانی پارەدارکردن) ڕێککەوتننامەی نێودەڵەتیی یونیدروا ساڵی ١٩٨٨ تایبەت بە بەکرێدانی پارەدارکردنی نێودەوڵەتی دروستبوو، هەروەک لە پێشەکیەکەیدا هاتوە ئامانج لێی لابردنی ئەم بەربەستانەیە کە دێنە بەردەم بەکرێدانی پارەدارکردنی نێودەوڵەتی بۆ ئامێرەکان، هەروەها جەختکردنەوە لە سەر پاراستنی دادپەروەرانەی بەرژەوەندیی لایەنەکان لە گرێبەستی بەکرێدان.

ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێ بدەین، ئەمەیە کە لە ڕێککەوتننامەی یونیدروا تایبەت بە بەکرێدانی پارەدارکردنی نێودەوڵەتی لە ٢٨ی ئایاری ساڵی ١٩٨٨ لە ماددەی (٣)ی برگەی (أ) چوارچێوەی جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتننامەی دیاریکراوە کە بەکرێگر و بەکرێدەر کاری خۆیان دەکەن لە وڵاتی جیاواز (ئەم ڕێککەوتنە کاتێک جێبەجێدەکرێت بەکرێدەر و بەکرێگر شوێنی کارەکەیان لە دوو وڵاتی جیا بێت و:

(أ) ئەو وڵاتانە و وڵاتەی کە دابینکەر شوێنی کاری خۆی هەیە وڵاتی بەشدار لە گرێبەستەکە بوو‌بێت؛ یان

(ب) هەردوو ڕێککەوتنی دابینکردن و ڕێککەوتنی بەکرێدان بەپێی یاسای وڵاتێکی بەشدار لە ڕێککەوتنەکە دەبێت).

ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکان بە ڕێگایەکی باش و گونجاو دادەنرێن بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە دروستدەبن لە ئەنجامی ناکۆکیی نێوان یاساکان، بە جۆرێک ڕێسایەک دادەنێت کە سروشتێکی دەولی هەیە بۆ ڕێکخستنی ئەم پەیوەندیانەی کە سروشتیان نێودەوڵەتیە، لەگەڵ ئەوەی بۆچوونێک هەیە دەربارەی کاریگەریی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکان و گونجاندنی لە سیستەمی ناوەخۆی وڵاتان بەندە بە پلەی لێکنزیکبوونەوە یان هاوبەشبوونی یاسایی لە نێوان ئەم سیستەمانە ( لیندە، ٢٠١٥ : ٢٧٨ ).

**سێیەم: مەودای پیادەکردنی ڕێککەوتننامەی یونیدرزا تایبەت بە بەکرێدانی پارەدارکردن**

ڕێککەوتننامەی یونیدروا تایبەت بە گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردن چوارچێوەی پیادەکردنی تەسککراوەتەوە بەوەی تەنها لەسەر بەکرێدانی پارەدارکردنی نێودەوڵەتی جێبەجێدەکرێ، لە کاتێکدا یاسای نموونەیی (النموذجي) لەسەر گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردنی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی جێبەجێدەکرێت (حسین، ٢٠٢١ :٨). لەم ڕێککەوتننامەیە لە ماددەی سێیەم برگە ١ ئاماژەدراوە (بۆ پیادەکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە پێویستی شوێنی کاری بەکرێدەر و بەکرێگر لە دوو وڵاتی جیاواز بێت : أ- و ئەم دەوڵەتەی شوێنی کاری فرۆشیاری لێیە لەم وڵاتانە بێت کە واژووی لەسەر ئەم ڕێککەوتننامەیە کردوە، ب- هەر یەکیش لە گرێبەستی فرۆشتن و گرێبەستی بەکرێدان ملکەچی یاسای ئەو وڵاتە بن کە واژووی لەسەر ڕێککەوتننامەکە کردوە) لە شیکردنەوەی ئەم ماددەیە دەردەکەوێ دوو پیوەر هەن بۆ پیادەکردنی ئەم ڕێکەوتننامەیە:

یەکەم:- ئەو وڵاتەی دامەزراوەی بەکرێدەری پارەدارکراو و بەکرێگر پارەدارکرا و فرۆشیاری (ئەو لایەنەی کە ئامێرەکان پێشکەش دەکات) لە وڵاتانی ئەندام بن لەم ڕێککەوتننامەیە.

دووەم:- هەریەک لە گرێبەستی فرۆشتن (کە پەیوەندیدارە بە گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردن) و گرێبەستی بەکرێداری پارەدارکردن ملکەچی ڕێسای دانەپاڵ دەبن، بەهۆی قورسی جێبەجێکردنی پێوەری یەکەم، بەم هۆکارە ئەم ڕێککەوتننامەیە زیاتر جەخت لەسەر پیادەکردنی ئەم پێوەرە دەکاتەوە بەهۆی ئاسانی لە پیادەکردنی، کە بریتییە لەوەی یاسای پێویست بۆ پیادەکردن بریتییە لە یاسای وڵاتانی ئەندام لەم ڕێککەوتننامەیە.

لێرەدا ڕووندەبێتەوە چوارچێوەی پیادەکردنی بنەماکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە بەستراوەتەوە بە نێودەوڵەتیی گرێبەستەکە، ئەمە جێبەجێناکرێت تەنها لەسەر گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردنی نێودەوڵەتی نەبێت. کە پێویستە ئەو وڵاتەی دامەزراوی بەکرێدەری پارەدارکراو و بەکرێگری پارەدارکراو لەگەڵ دابینکار لە وڵاتی ئەندام لە ڕێککەوتننامەی یونیدروادا بن و هەریەک لە گرێبەستی فرۆشتن کە پەیوەستە بە بەکرێدانی پارەدارکردن و گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردن، بە گوێرەی ڕێسای دانەپاڵ ملکەچی یاسای وڵاتی بەشدار دەبن، ئەمەش وەکو پێوەرێک ئەم ڕێککەوتننامەیە پشتی پێ دەبەستێ بەهۆی کەمیی ئەو وڵاتانەی کە ئەم ڕێککەوتننامەیان پەسەندکردوە تاکو ئێستا.

بەو مانایەی ئەم ڕێککەوتننامەیە پێوەری جوگرافی وەرگرتوە بۆ ئەوەی دیارییبکات ئەم گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردنە نێودەوڵەتیە، بۆ نموونە ئەگەر بەکرێدەر مسری بێت و لە بەغداد نیشتەجێبێت و بەکرێگرش عێراقی بێت و شوێنی نیشتەجێبوونی بابل بێت، ئەوا ئەم گرێبەستە بە گرێبەستێکی ناوخۆیی دادەنرێ، ناچێتە چوارچێوەی ئەوەی ئەم ڕێککەوتننامەیەی لەسەر جێبەجێبکرێت، کەواتە جیاوازیی ڕەگەزنامەی لایەنەکان بەس نیە بۆ ئەوەی ئەم ڕێککەوتننامەیە جێبەجێبکرێت و پێوەر نیە بۆ ئەوەی گرێبەستەکە بە نێودەوڵەتی دابنرێت.

## کۆتایی

ئەنجامەکان:

١. بەهۆی ئەوەی گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکرن یەکێکە لە گرێبەستە گرنگەکان و نوێیە بە وڵاتانی تازە گەشەسەندوو دەکرێ پێناسە بکرێت بەوەی چالاکیەکی پارەدارکردنە، کە دامەزراوەی دارایی پارەدارکردن پرۆژەی بازرگانی و پیشەسازی یاخود پیشەیی و کشتووکاڵی یان هونەری پارەداردەکات، ئەویش بە دابینکردنی ئەو ئامێر و کەلوپەلانەی کە پێویستن بۆ دامەزراندنی ئەم پرۆژانە، و بەرەوپێشبردنیان و زیادکردنی بەرهەمهێنانیان یاخود نوێکردەنەوەیان بە ئامێری پێشکەوتوو کە بگونجێ لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆجی.

٢. بە سەرەنجدانمان لە ماددەکانی ڕێککەوتننامەی یونیدروا دەبینن لایەنەکانی گرێبەستی بە سێ لایەن دیاریکردوە، بە گوێرەی ماددەی یەکەم برگەی دووەم لە سێ لایەن پێکدێت ئەم ڕێککەوتننامەیە، بیرمەندانی یاساش وای دەبینن کە تایبەتمەندیی گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکردن لەوەدایە کە سێ لایەنە و هەر یەکەیان بەرژەوەندیی جیاوازیان هەیە، کاردەکەن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی ئەم چالاکیە و ئەم چالاکیەش سێ لایەن لەخۆدەگرێت (بەکرێدەر – بەکرێگر – دابینکار).

٣. ڕێککەوتننامەی یونیدروا ماف دەدات بە کڕینەوەی سامانە بەکرێدراوەکە لە کۆتایی گرێبەستی بەکرێدانی پارەدارکرن لە لایەن بە کرێگرەوە ئەمەش بە تایبەتمەندی ئەو گرێبەستە دادەنرێ، جگە لە کڕینەوەی بەکرێگر مافی گەڕانەوەی سامانە بەکرێدراوەکەی هەیە بۆ بەکرێدەر یاخود درێژکردنەوەی ماوەی بەکرێدان.

٤. زۆرینەی وڵاتان لەسەر گرێبەستەکانی بازرگانیی نێودەوڵەتی ئەو یاسایە پەیڕەودەکەن کە لایەنەکانی گرێبەست دیارییانکردوە، لەوانەش یاسای شارستانیی عێراقی و مسری ماف دەدەن بە لایەنەکانی گرێبەست لە دیاریکردنی یاسای پێویست بۆ پیادەکردن. زۆرینەی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکانش ئەمەیان جێگیرکردوە لە بڕگەکانیان وەکو ڕێککەوتننامەی ڕۆمای ساڵی ١٩٨٠ کە پەیوەندداره بە یاسای پێویست بۆ پیادەکردن لەسەر پابەندییە گرێبەستیەکان، لەگەڵ ئەو ئازادیەی بە لایەنەکانی گرێبەست دراوە بەڵام هەندێک بەدەر هەن کە دەبێتە هۆی ڕێگری لە پیادەکردنی یاسای هەڵبژێردراو لە لایەن لایەنکانی گرێبەست ئەگەر هاتو یاسای هەڵبژێردراو پێچەوانەی ئاداب و پەیڕەوی گشتیی وڵاتی دادوەر بێت، و ڕووودانی گۆڕانکاری لە ئیرادەی لایەنەکان بە ئامانجی خۆلادان لە بڕیارەکانی یاسای پێویست بۆ پیادەکردن.

٥. مەودای پیادەکردنی ڕێککەوتننامەی یونیدروا ساڵی ١٩٨٨ بەستراوەتەوە بە نێودەوڵەتیبوونی و زۆر بە ڕوونی لە ماددەی سێیەم بڕگەی یەکەم ئاماژەی بەوە کردوە کە پێویستە شوێنی کاری بەکرێدەر و بەکرێگر لە دوو وڵاتی جیاواز بێت، بەو مانایەی پێوەری جوگرافی وەرگرتوە بە تەنها جیاوازیی ڕەگەزنامەی لایەنەکان بەس نیە، بەڵکو مەرجە شوێنی نیشتەجێبوونیان جیاواز بێت.

پێشنیازەکان:

١. پێشنیازدەکەین بۆ یاسادانەری عێراقی یاسایەکی تایبەت دەربکات تایبەت بە بەکرێدانی پارەدارکردن و چالاکیەکانی تێدا ڕێکبخات، لە داڕشتنی ئەم یاسایە دەکرێت سوود ببینرێ لە یاسای نموونەیی تایبەت بە بەکرێدانی پارەدارکردن کە لە ساڵی ٢٠٠٨ دەرچوە، یاخود سوودبینین لە یاسای مسریی ساڵی ٢٠١٨ تایبەت بە ڕێکخستنی چالاکیی بەکریدانی پارەدارکردن و کەمکردنەوە.

٢. پێشنیازدەکەین یاسادانەر لە کاتی داڕشتنی یاساکە شوێنی گرێبەست بە سامانی گوێزراوە و عەقار دیارییکات، بە ئامانجی فراوانکردنی سوودبینین لە گرێبەستە.

٣. پێشنیازدەکەین بۆ یاسادانەری عێراقی کە ماددەی پێنجەمی یاسای بازرگانیی کارپێکراو هەمواربکاتەوە بە زیادکردنی بڕگەیەک بۆی کە پێویستە کاری بەکرێدانی دارایی بە کارێکی بازرگانی هەژماربکرێت.

٤. پێشنیازی پێداچوونەوە بە ماددەی سێیەمی بڕگەی یەکەم لە ڕێککەوتننامەی یونیدروا دەکەین، کە بە مەرجی داناوە وڵاتی بەکرێدەر و بەکرێگر و دابینکار وڵاتانی ئەندام بن لەو ڕێککەوتننامەیە، ئەمەش بەیەکێک لە کەموکوریەکان هەژماردەکرێت و هۆکاریشە بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی ئەم ڕێککەوتنامەیە لەسەر گرێبەستی بەکریدانی پارەدارکردنی نێودەوڵەتی و چوارچێوەی جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتننامەیە کەمدەکاتەوە. لە بەر ئەوە پێشنیازدەکەین دەقەکە بەم شێوەیە بێت: ((١- ئەم ڕێککەوتنە بۆ گرێبەستی بەکرێدانی پەرادارکرن جێبەجێدەبێت کاتێک سەنتەری بازرگانیی بەکرێدەر و بەکرێگیراو لە دوو وڵاتی جیاوازدا بن ئەگەر أ- یەکێک لەم وڵاتانە لایەن بێت لە ڕێککەوتنەکەدا...)).

سەرچاوەکان

**یەکەم: پەرتووک**


**١.** د. احمد عبدالكريم سـلامة (١٩٩٦)، علم قاعدة التنازع والاختيار بين الشـرائع، ط١، مكتبة الجلاء الجديدة، المنصورة.

٢. د. الياس ناصيف (٢٠٠٨) *العقود الدولية عقد الليزينغ أو عقد الاجار التمويلي*، الطبعة الأولى، بيروت، منشورات الحلبي الحقوقية.

٣. د. بن احمد الحاج **(٢٠١٣)، القانون الواجب التطبيق على عقود التجارة الدولية في الظل العولمة الاقتصادية**، مجلة البحوث القانونية و السياسية، العدد الأول.

٤. د. خالد حسن احمد (٢٠٢١)، *عقد التأجير التمويلي الفهوم و الطبيعة القانونية*، طبعة الأولى، دار الفكري الجامعي، الإسكندرية- مصر.

٥. د.خليل ابراهيم محمد خليل (٢٠١٥)، ***تكامل منهاج تنازع القوانين***، دارالفكر الجامعي،الاسكندرية.

٦. د. عبدالرحمن السيد قرمان (٢٠١٦)، *عقد التأجير التمويلي*، الطبعة الثانية، دار النضة العربية.

٧. د. نجوى ابراهيم البدالي (٢٠٠٥)، *عقد الايجار التمويلي*، دار الجامعة الجديدة للنشر – الإسكندرية.


**دووەم: گۆڤار**


١. د. أبو عمر نادية (٢٠٢٢)، *القانون الواجب التطبيق على العقد الاكتروني*، مجلة البحوث في القانون والتنمية، الجلد ٢، العدد ١.

٢. د. احمد محمد حسين (٢٠٢١)، *التأجير التمويلي وفقا لقانون يونيدروا النموذجي للتأجير العام* ٢٠٠٨، كلية القانون – جامعة بغداد، مجلة المفكر، المجلد ١٦، العدد٢.

٣. د.أكرم محمد حسين (٢٠٢١)، ***التأجير التمويلي وفقا لقانون يونيدروا النموذجي للتأجير لعام ٢٠٠٨***، مجلة جامعة تكريت للحقوق, المجلد ٤و العدد ٤, الجزء ٢.

٤. أمال بن بريج (٢٠١٣)، *التأجير التمويلي وفقا للمؤسسة التمويل الدولية*، مجلة الاجتهاد للدراسات القانونية و الاقتصادية، المركز الجامعي لتامنغست، الجزائر، العدد ٣.

٥. د. امين دواس **(٢٠١٩)**، *اختيار الطرفين للقواعد القانونية*، مجلة الجامعة العربية الامريكية للبحوث، المجلد ٥.

٦. بلاش ليندە **(٢٠١٥)، *الاتفاقيات الدولية من منظور القانون الدولي الخاص***، مجلة الاكاديمية للبحث القانوني، المجلد١١، العدد١.

٧. حرة عماد (٢٠١٤ – ٢٠١٥)، *دور عقد الاعتماد الإيجاري في الاستثمار العقاري وفقا للقانون الجزائري*، جامعة الشهيد حمد لخضر، الوادي كلية الحقوق و العلوم الساسية.

٨. حسين عيسى عبدالحسن، *النطاق الموضوع لعقد الا يجار التمويلي* **(٢٠١٦)**، مجلة جامعة كربلاء، المجلد الرابع عشرة، العدد الرابع.
٩. د. رمزي احمد عوني، سامر نجيب المعايطه (**٢٠١٧**)، *نظرية الاداء المييز كظابط الاسناد لتحديد القانون الواجب التطبيق على العمليات المصرفية الدولية*، المجلد ٩، العدد١.
١٠.زبيده عبدالهادي (**٢٠١٧**)، *القواعد المادية لمنازعات عقود التجارة الدولية في الأنظمة العربية في اطار الاتفاقيات الدولية*، المجله العربية للعلوم ونشر الأبحاث، الجلد ٣، العدد٢.
١١.د. سلطان عبدالله محمود (**٢٠٢٣**)، *القانون الواجب التطبيق بالاستناد الى الفكرة الأداء المميز*، مجله الرافيدين، المجلد ٢١، العدد٧٣.
١٢.صون كل عزيز عبدالكريم (**٢٠١٩**)، *التزامات المستأجر في عقد الايجار التمويلي*، جامعة كركوك، مجلة كلية القانون للعلوم القانونية و السياسية.
١٣.عبدالسلام علي فضل، نعيم علي العتوم (٢٠١٩)، *منهج الأداء المميز فى تحديد قانون العقد الدولي*, دراسات العلوم الشرعية والقانون, المجلد ٤٦، العدد١.
١٤.أ . كوثر مجدوب (٢٠١٧)، *تحديد القانون الواجب التطبيق على العقد الكتروني الاستهلاكي*، مجلة تاريخ العلوم ، العدد ٨.
١٥.لغريب ليلى (**٢٠٢٢**)، *قانون الإرادة بين التطبيق و التقييد في عقود الاستهلاک الدولية*، مجلة العلوم القانونية والاجتماعية، المجلد ٧ ، العدد ٤.
١٦.محمود مصطفى ، بن ابراهيم عبدالكريم (٢٠١٨ – ٢٠١٩)، *عقد الاعتماد الايجاري التمويلي في التشريع الجزائيري*، جامعة احمد دارية – أدرار الجزائير، كلية الحقوق و العلوم السياسية.
١٧.مهند بنيان صالح المفرجى(٢٠١٤)، *مسؤولية المستأجر القانونية تجاه الأموال المستأجرة في عقد الايجار التمويلي*، مجلة كلية القانون للعلوم القانونية و السياسية، المجلد ٣، العدد ١٠.

**سێیەم: سەرچاوەی ئەلیکترۆنی**

١. د. احمد حمصى، *التأجير التمويلي في القانون السوري مقارن*، مكتب حمصي للمحاماة، له سەر ئەم لینکی ئەلیکترۆنی: بەرواری سەرەدان (١٦-٢-٢٠٢٤) https://www.houmsilaw.com/img/uploads1/research_84.pdf

٢. STATUS – UNIDROIT CONVENTION ON INTERNATIONAL FINANCIAL LEASING (OTTAWA, 1988) on the following link: https://www.unidroit.org/instruments/leasing/convention/status/

**چوارەم: ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا**

١. محمد مهدى كاظم (٢٠٢٣)، *القواعد الموضوعية ودورها في الحد تنازع القوانين*، رسالة ماستر، جامعة الكربلاء.

**پێنجەم: ڕێكەوتنامە نيودەولەتييەكان و ياساكان**

١. *قانون المدنى المصرى*، رقم ( ١٣١) لسنة ١٩٤٨.
٢. *قانون المدني العراقى* ، رقم (٤٠) لسنة ١٩٥١.
٣. *اتفاقيه روما لسنة ١٩٨٠بشأن القانون الواجب التطبيق على التزامات التعاقدية.*
٤. *ڕێكەوتننامەی يونيدروا ساڵی ١٩٨٨ دەربارەی بەكرێدانی پاراداركرن نيودەوڵەتی*
٥. *قانون التحكيم الاردنى*، رقم ( ٣١) لسنة ٢٠٠١.
٦. *قانون تنظيم نشاط التأجير التمويلي والتخصم المصري*، رقم (١٧٦) لعام ٢٠١٨.

الملخص

في هذا العصر يعد عقد التأجير التمولي من أهم العقود ويعتبر أداة فعالة بسببه يحصل المستأجر المال المنقول أو العقار دون الحاجة إلى شرائه، ويحصل هذا نتيجة عقد بين الأجيرومقدم الخدمة حسب إرادة وطلب المستأجر. ونتيجة لشيوع هذا العقد وأهميته، لا سيما في البلدان الغربية، أصدر المعهد الدولي لتنظيم السياسة النقدية الخاصة اتفاقية يونيدرواي بشأن تأجير التمويل في عام ١٩٨٨. تكمن مشكلة التحقيق في عدم وجود قانون محدد لهذا العقد في العراق وإقليم كردستان، بالإضافة إلى عدم تنظيمه في قانون التأثير التجاري العراقي رقم ٣٠ لسنة ١٩٨٤.

اعتمد الباحث في هذه الدراسة على المنهج التحليلي والمقارن لغرض تحليل وإبراز الفروق بين القوانين، وأظهرت نتائج هذه الدراسة أنه على الرغم من أهمية هذا العقد بالنسبة للعراق، إلا أنه لم يتم إصدار أي قوانين لتنظيمه،

وقد ضيقت اتفاقية يونيدروا إطار التنفيذ، وفي النهاية قدم الباحث عددا من التوصيات بناء على النتائج التي توصل إليها.

الكلمات المفتاحية: اتفاقية تأجير التمولي، اتفاقية اليونيدروا، المستأجر، الموفر، القواعد الموضوعية الدولية .